# کابینەی حکوومەت قسە لەسەر ڕێوشوێنی ئابووری دژی عێراق دەکا

**ERCAN YAVUZ, Today’s Zaman  ANKARA**

**2007/10/31**

**سیار محەمەد ساڵح لە ئینگلیزییەوە بەکوردی**

**لەبەرانبەر فەشەلی عێراق لە هاریکاریکردنی تورکیا دژی شەروانەکانی پەکەکە کە خۆیان لە عێراق ناوە، تورکیا ئامادەیە یاری بەکارتی ئابلووقە بکا.**

**پێشنیارەکان بۆ ڕێوشوێنێکی لەگینی (مومکن) ئابووریی لەلایەن نازم ئەکرەن، جێگری سەرۆکوەزیران بۆ هەماهەنگی ئابووری و حەیاتی یازیجی، جێگری سەرۆکوەزیر بۆ چاوەدێری گومرکی-یەوە دانراون بەگوێرەی ئەو بڕیارەی کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆبوونەوەی 24ی ئەو مانگەدا داویەتی، ئەمرۆ لە کۆبوونەوەی کابینەی حکوومەت قسەیان لەسەر دەکرێ.**

**هەنگاوی یەکەم بۆ پلان و نەخشەی کورتخایەن، ناوەنجی، درێژخایەنی سزاکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێوشوێنی ئابووری پێکدێ وەکو بڕینی ناوەناوەی کارەبا لە باکووری عێراق و ڕێگەنەدان بە پەڕینەوەی کەرەستەی بیناو خۆراک لە خاڵی سنووری دەروازەی خابوورەوە. ئێستا تورکیا 10٪ی کارەبای پێویست بە باکووری عێراق دەدا. لەوانەیە دیماهییەکەی تورکیا خابوور بەیەکجاری پێوەبدا، کە تاکە دەروازەیەکی سەرەکی نێوان عێراق و تورکیا.**

**پێشتر، تورکیا پلانی کێشابوو خاڵێکی دیکەی پەڕینەوە لە ئوڤاکۆ وەکو ئەلتەرناتیڤی خابوور بینا بکات، لێ نەیتوانی ئەو پرۆژەیە تەواو بکات. خاڵێکی دیکەی پەڕینەوە، نوسەیبین-ە، وێدەچی زۆر لە خابوور (حیوی) تر بێ و 85٪ی تەواو بووە.**

**ئەو ڕاپۆرتانەی ئەکرەن و یازیجی نووسیویانە دیسان باس لە مەودای ئەو ڕێوشوێنە ئابوورییانە دەکەن کە دەکرێ تورکیا لە دژی عێراق پەیرەویان بکا. ئەم پلانەی تورکیا دەبێ ئەو ریسکە لەبەرچاو بگرێ، واتە پێوەدانی هێڵی بۆری یومەرتالیک-کەرکووك لەلایەن ئیدارەی عێراقەوە کە تورکیا ساڵانە، 300 ملیۆن دۆلاری لێ دەستدەکەوێ. بەهەرحاڵ، لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ئەو بۆریە نەوتە بە توانای تەواوی خۆی، هەرگیز کاری نەکردووە، لەبەر کاری تێکدەرانە داهاتی تورکیا ساڵانە بۆ 100-150 ملیۆن دۆلار کەمبووەتەوە. لە حاڵەتی هێرشی سەربازیی تورکی بۆ ناو باکووری عێراق، لەوانەیە ئەو بۆریە نەوتە پێوە بدرێ و تورکیا ئەو سەرچاوەی داهاتەی لە قیس بچێ. بەهەرحاڵ، لەبەر هەڵکشان و داکشانی نەوتی خاو لە بازارەکانی جیهاندا، تورکیا پێی وا نییە ئیدارەی عێراقی حەز بکا ئەو بۆریە نەوتە بگرێتەوە.**

**وردودرشتی ئەو پلانەی کە جێگری سەرۆکوەزیر ئامادەی کردووە لە کۆبوونەوەی کابینەدا قسەیان لەسەر دەکرێ کە دیسان ئەو کەرەستانەو توخمانەی دەنێردرێنە عێراق کە ئابلووقەیان دەخرێتەسەر دیاری دەکرێن.**

**دەبێ ئەو فاکتە درك پێ بکرێ کە 70٪ی (تجهیزات)ی لۆجستی بۆ هێزەکانی ئەمریکی لە ڕێگەی دەروازەی خابوورەوە دابین دەکرێ، بۆیە تورکیا دەبێ بە ئاگاییەکی تەواوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنە ئابوورییانەدا بکا دژی عێراق کە بەهۆی ئەو ئابلووقەیەوە بەشێوەیەکی سلبی بەسەر پێوەندییەکانی تورکیا- ئەمریکا نەشکێتەوە. بەدانان بەگرنگیی دەروازەی خابوور لە بیناکردنەوەی عێراقدا، حکوومەت نەخشەی کێشاوە ڕێگە لە پەڕینەوەی کەرەستەی بینا بۆ باکووری عێراق بگرێ. هیچ کۆت و بەندێك ناخرێتە سەر داوو دەرمان و ئامێری پزیشکی، چونکە سزا و ڕێوشوێنێکی وا پێشێلکاریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە. لەوانەیە لە سەرەتادا، کۆت و بەند بخرێتە سەر خۆراك و بەروبوومی کشتوکاڵیش.**

**هیچ نەخشەو پلانێك بۆ داخستنی تەواوی سنوور نییە!**

**لەماوەی كورتخایەندا، توركیا پلانی ئەوەی نییە بەیەكجاری دەروازی خابوور پێوەبدا ، چونكە لەوانەیە ئەوە لەسەر پێوەندییەكانی ئەمریكا-توركیا قورس بوەستێ. بەهەرحاڵ، ئەگەر دەسەڵاتەكانی كوردی لە باكووری عێراق لەسەر تێبینیی نادۆستانەی خۆیان دەرهەق بە توركیا بەردەوام بن، ئەوا توركیا بە جیددی خاڵی پەڕینەوەی نوسەیبین وەكو ئەلتەرناتیڤی خابوور دەكاتەوە. خاڵی نووسەیبین لە لایەن یەكێتیی توركیی ژوورەكانی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی كاڵایی (TOBB) بە 30 ملیۆن دۆلار بیناكراوەو لەوانەیە پەلەی تێدا بكرێ و لە ساڵی 2008دا بكرێتەوە. حكوومەت دەبێ ڕەزامەندیی نزیكەی 35٪ی كۆمپانیاكانی ئەندام لە TOBB وەربگرێ كە بیناكردن و نوێكردنەوەی خەتەكەیان وەرگرتووە بە پێی مۆدێلی BOT، بەر لەوەی بەیەكجاری خاڵی خابوور پێوەبدا. لەبەر ئەم هۆیە، حكوومەت ئێستا لەگەڵ TOBB لە وتووێژ دایە.**

**لەوانەیە كردنەوەی خاڵی پەڕینەوەی نوسەیبین، كۆسپێكی تری سەر ڕێگەی پێوەندییەكانی توركیا-ئەمریكا بێ، كە ڕێگەكە لە ناوچەی كوردنشین لە باكووری عێراق دەگوازێتەوە بۆ ناوچەی عەرەبنشینی عێراق. لەبەر ئەوەی ئەمریكا پێوەندیی ئاریشاوی لەگەڵ سوریادا هەیە، لەوانەیە ئیدارەی ئەمریكی دژایەتی كردنەوەی ئەو خاڵە سنوورییە بكات لەبەر كێشەو گرفتی ئەمنیی لە ناوچەی عەرەبنشینی عێراقدا.**

**ڕەوشی ئێستای خاڵەكانی پەڕینەوەی سنوور لە نێوان عێراق- توركیا، هەروا توركیا- سوریا دەخرێتە بەرباس وەكو بەشێك لەو راپۆرتەی یازیجی ئامادەی كردووە. راپۆرتەكە ڕەوشی ئێستای خاڵەكانی پەڕینەوە بەم شێوەیە باس دەكا: ماردین- نوسەیبین- قامیشلی (ڕێگەی شەمەفەندەرەو ئێستا كراوەیە)، ماردین-شەنیورت- دەرباسیە (هایوەیەو ئێستا قەپاتە)، شانلیئورفە- جەیلانپینەر- رأس العین (لەكاتی جەژنە ئایینییەكاندا دەكرێتەوە)، شانلیئۆرفە- ئاكچاكلە – تل اغیبات (هایوەیە، ئێستا كراوەیە)، غازی عەنتاب- كاركامیش- جارابلوس (هایوەیە، ئێستا كراوەیە)، غازی عەنتاب- چۆبانبەی- ئاكدرون (شەمەندەفەر و هایوەیە، پێوەدراوە)، غازی عەنتاب- اسلاحیە- ئەكباز (شەمەندەفەرە، كراوەیە)، كیلیس- ئۆنجوپینەر- السلامە (عزیز) (هایوەیەو ئێستا كراوەیە)، حاتای- جلفەگۆزو- باب الحواء (هایوەیە و كراوەیە)، حاتای- یایلاداغی –قەسەپ (هایوەیە و ئێستا كراوەیە).**

**بەپێی راپۆرتەكە كە دەبێ ئەمرۆ لە كۆبوونەوەی كابینەدا قسەی لەسەر بكرێ، لە ماوەی 9 مانگی ساڵی 2007دا، شتومەكی هەنارده لە (ناوچەی بازرگانیی ئازادی مێرسین)، بۆ عێراق بایی 4049484 دۆلار بووە. ساڵی 2003، توركیا بایی 829058 دۆلاری شتومەك بۆ عێراق هەناردووە، واتە لەو ساڵەی ئەمریكا عێراقی داگیر كرد، ساڵی 2004، بایی شتومەكی هەناردراو بووە 1820802 دۆلار، لەساڵی 2005 بووە 2750080 دۆلار،، لەساڵی 2006 یش بووە 2583065 دۆلار. لەكاتێكدا ئەوە روونە، ئەگەر ئابلووقە بخرێتە سەر عێراق ئاكامێكی خەتەری بۆ سەر بازرگانیی توركیا لەگەڵ عیراق دەبێ. دەبێ توركیا بەجورئەتەوە بچنە ناو ئەم بژارەوە.**

**بژارەیەكی تر لە بەردەم توركیادا ئەوەیە كە فەزای ئاسمانی خۆی لەبەردەم ئەو فرۆكانەی لە باكووری عێراقەوە دەفڕن دابخا. بەگوێرەی ئەو پلانە نەخشە بۆ كێشراوەی وەزارەتی گواستنەوە، ئەو فرۆكانەی دەچنە فرۆكەخانەی هەولێر، نابێ ڕێگەیان پێ بدرێ فەزای ئاسمانیی توركی بەكار بهێنن. وەكو بەشێك لە ئابلووقە، پەرلەمان بڕیاری داوە گروپی دۆستایەتیی پەرلەمانی لەگەڵ پەرلەمانی عێراقی پێك نە هێنێ.**

**یلدریم هۆشداری دەدا، كە لە وانەیە فڕینی فرۆكەی توركی بۆ عێراق رابگیرێ**

وەزیری گواستنەوە، بینالی یلدریم سێشەممە رایگەیاند کە لەوانەیە تورکیا فرینی فرۆکەکان بۆ عێراق قەدەخە بکات و رێگە بە فرۆکەکانی عێراق نەدا فەزای ئاسمانیی تورکیا بەکاربهێنن هاوکات لەگەڵ سەپاندنی ئابلووقەی ئابووریی بەسەر باکووری عێراقدا.

ئەمە هوشدارییە لە بەشداریکردنی ناوبراو لە گفتوگۆی پەنالێکدا بەناوی (ئەمرۆ و سبەی لە بواری گەیاندندا) کە لە زانکۆی غازی سازکرابوو. یلدرم هوشداری دا کە ئاقارو مەودای ئابلووقەی ئابووری بلەسەر باکووری عێراق لەوانەیە وەکو رێوشوێنێک بگیرێتەبەر بۆ دوورخستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پشتگیریکردنی ئەندامەکانی پەکەکەی تیرۆریست لە ناوچەکەدا.

بۆ وەبیرهاتنەوە حەفتەی رابردوو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بریاری دا ئابلووقەی ئابووری بەسەر ئەو گروپانەدا بسەپێنێ کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پشتەوانی لە رێکخراوی تیرۆریستی جیا خواز دەکەن (مەبەست پەکەکە- وەرگێر) لە باکووری عێراق، یلدرم گوتی دیراسەی پێویست بۆ ئەم ئامانجە، کراوە. هەروا گوتی کە ئەم پرسە لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی وەزیران باس دەکرێ "ئەوە شتێکی سروشتییە بە رێوشوێنی دیپلۆماسی، سیاسی و ئابووری پشتی شەرو کوشتار دژی تیرۆریزم بگیرێ. ئێوە دەبێ فرینی فرۆکان لەنێوان تورکیا و عێراق رابگرن و رێگە مەدەن فرۆکەکانی عێراق ئاسمانی تورکیا بەکاربهێنن ئەگەر پێویست بکا".

حکوومەتی تورکیا شیمانەی ئابلووقەیەکی جیدی بخاتە سەر باکووری عیراق لەکۆتایی ئەم حەفتەیەدا، بەتایبەتی ئایدیای برینی کارەبا لە باکووریعێراق، داخستنی دەروازەی خابوور، فەرمانکردن بە کۆمپانیاکانی تورکی کە باکووری عێراق جێ بهێلن و بەسەرکردنەوەو (ملاحقە)ی هەر کۆمپانیایەکی تورکی کە کەمترین پێوەندیی و سەروکاری لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبێ. (گۆکهان کولاش- ئەنقەرە).

ژووری پیشەسازیی ئەنقەرە پشتگیریی تەواوی سەپاندنی ئابلووقە بەسەر عێراقدا دەکات

ئەو چالاکییە تیرۆرییانەی ئەم دواییە، شوێنەواری بەرچاویان لەسەر کۆبوونەوەی ژووری بازرگانیی ئەنقەرە (ASO) کە رۆژی سێشەممە بەسترا، جێهێشتووە، کاتێ کە ئەنجوومەنی ASO "پشتەوانیی بێ مەرجی خۆی" بۆ هەر رێوشوێنێک نیشاندا کە پەرلەمان، حکوومەت یان سوپا دژی پەکەکەی قەدەخەکراو پێرەو بکات.

سەرۆکی ASO، نورەددین ئۆزدەبیر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، ئابووریی تورکیا بەخێرا و بلەز نەشونمای کردووە ، ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە بووە بەمایەی ئەو هێرشە تیرۆریستانە بۆ زیانگەیاندن بەو پێشکەوتنە. ئۆزدەبیر هەروا گوتی، ئابلووقەی ئابووری کە ئاراستەی تیرۆر و پشتەوانانی بکرێ، ئاکامگەلێکی کارای لێدەکەوێتەوە.

بریاری ئەنجوومەنەکە دەڵێ " ئێمە بێ قەیدو شەرت پشتەوانی خۆمان بۆ پەرلەمان، حکوومەت و سوپای خۆمان دەردەبرین، بێ رەچاوکردنی ئەوەی چ بریارێک بۆ بەرەنگاربوونەوەو جەنگان دژی تیرۆریزم دەدەن. ئێمە، چەندەی بکرێ، پشتی هەر بریارێکی ئایندەیی بۆ سەپاندنی ئابلووقەی ئابووری دەگرین و هەروا پشتەوانی ئەندامەکانی خۆمان دەگرین کە خۆیان لە پێگەو هەڵوێستێکی خراپ دەبیننەوە دوای سەپاندنی ئەو ئابلووقەیە".

هەروا لە میانەی کۆبوونەوەکەدا، تیشک خرایە سەر هێرشە تیرۆرییەکان، کە ئاراستەی یەکێتیی خاکی تورکیا کراون، کە هیچ کاریگەرییەکی نابێ بۆ سەر رایەڵکە توندوتۆڵەکانی کۆمەڵگەی تورکیا کە لە دیماهیدا خەباتی تەواوی نەتەوە سەرکەوتن وەدەست دێنێ.

ئۆزدەبیر تورەبوونی خۆی دەرهەق پەلامارە تیرۆرییەکان نیشاندا و گوتی نابێ ئەم تورەبوونە ببێ بەمایەی کە خەڵك بە ئاقارو سەمتێکی چەوتدا ببا چونکە لە راستیدا تیرۆریزم هەوڵ دەدا رك و کینە بچێنێ لە نێوان خەڵکی بنەچەکە جیاوازی ئیتنی لە تورکیا. هەروا دیسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە بەیەکریزی و هاوکاری، وەڵامی پەلامارە تیرۆرییەکان بدرێتەوە.